سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کونسولی گشتیی کۆریا و سەرۆکی کۆیکا کرد

ئەمڕۆ سێشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لەسیونگچۆل لیم کونسولی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان و کۆ هیسك سەرۆکی ئۆکخراوی کۆیکای کۆری کرد.

نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەراگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە" لە دیدارەکدا بڕەودان بە پەیوەندییەکانی کۆریای باشوور لەگەڵ هەرێمی کوردستان و کار و چالاکییەکانی ئۆکخراوی کۆیکا لە هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران کە ساڵانێکی درێژە یارمەتیی هەرێمی کوردستان دەدات و چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لە ناوچە جیاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام داوە.

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی ستایشی هەرێمی کوردستانی بە پەیوەندی و دۆستایەتیی کۆریای باشوور لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەربڕی و بەتایبەتی ئاماژەی بەو کار و چالاکییانە دا کە ئۆکخراوی کۆیکا لە چەندین کەرت و بواری جیادا بە یارمەتیدانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەنجامیان دەدات، هەروەها کار و خزمەتی تیمی سەربازیی زەیتوونی کۆری بەبیر هێنایەوە کە بیست ساڵ

لەمەوبەر هاتنە هەرەمی کوردستان و پەیوەندیی هەردوولایان پتەو کرد.

پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، دۆخی عێراق و ناوچەکە بەگشتی، تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.